

# شەوە دوورەکانی ئاڤۆ

١

لەو سەربانە
مانگێک هەیە
لە وێڵبوونی بەتۆ دەچێ
چەند ئەستێرەیەکی
دراوسێن
جار نەجارێ
لە پەنجەتووتەی ئاڤۆدا
دەکوژێنەوە و..
بە ترازانی لێوی من
دادەگیرسێن





٢

لەو سەربانەی
تەنها من و پشیلەیەک و..
مانگی لێین
جار نەجارێ
بێزاری من و بزەی تۆ
خەوی ئاڤۆ دەزڕێنێ

٣

لەو سەربانەی
تاکێ هەنگاوی جێماوی تۆ دەبینم
هەر جارە و
رووی لە شوێنێکە
بە ئاماژەی پەنجەی ئاڤۆ
رێ دەگۆرِێ





٤

ئاخ ئەو بانەی
ئاڤۆ تێیدا خەو دەیگرێ
من و مانگ و..
زەردەخەنە
چۆن لە دنیا دائەبرِێ

٥

بە بینینت لە پشتی مانگ سەربانەکە
لە کۆش دەکەم
بەری نادەم
نەبادا لە ڕۆیینی تۆ
خەون بە مانگەوە
نەبینم





٦

وێڵم وێڵی سەربانەکە و
تریفەی مانگ
جار نەجارێکیش
بە کپی
لە پەنجە تووتەی ئاڤۆدا
بۆنی لێوەکانت دەکەم

٧

خەونی من و سەربانەکە

فرە وەرزن

بۆیە چاوەکانی ئاڤۆ

بۆ هەمیشە

منیان تیایە

کەرکووک – ٢٠٠٦/٧/٢١



# هەورەژنێک چاوەکانی لە گەڵایە

شەو دەبارێ
لە چاوەکانی ئەو ژنەی
ماڵێکی لە گەڵای پێکەنین چێ کرد و
نەهاتەوە
بۆنی عەشق دێ
لەو لێوانەی
زەردەپەڕی روومی برد و
نەیدامەوە
لە ماڵی تەنیاییت دەگریم
دوودڵی پێگەنینی تۆ
لێڵم دەکات





ئەو ژنە گەڵاییەی
زەردەپەڕی رووی بردم و نەیدامەوە
تامی عیشقی
لەسەر لێوی ئادەم بیرچوو
لە ماڵی بێدەنگیت دەگریم
لە داغن بوونی هەناسەی چاوەڕوانیما وەڕسم
ئەو ژنەی بۆنخۆشی کردم

وتی وەختت بەخێر و
جێی هێشتم
ئەو لە ئادەمێک دەگەڕا
لە پشت ماڵە ئاسنینەکانی ژیانەوە
بەختەوەریی دەچنییەوە
دەستێک لە پشت خیانەتی زەمەنەوە
نمە خۆشیی لێوەکانمی دەسڕییەوە
بە ژانی سوور
ئارایشتی رووی دەکردم





ژنێک هەورە چاوەکانی لە گەڵایە
پایزم بەسەردا دەڕژێنێ
سەراپای تینووی ژیانە و نایاتەوە
شەڕە دوورەکانی ژیان
لەچاو دەدا و سەماکانی لەسەر کەڕەنای
شەڕەکان زوو هەڵئەچێ
ئەو هەمیشە لە من دەچێ

بۆ هەمیشە
نوقمی نۆتەکانی تاراوگەیە
تاراوگەی رووم و بێمەیلیم
ئەو هاوماڵی شەوەکانی غەریبیمە و
بە ئەستێرەکانی پێش ئێستامەوە
دووگیانە
ئەو تەماشای
تامی ئارەزووکانم دەدا
دەستێک لە لەرینەوەی توڕەیی
پرچێک لە ئاهی زیکری ناڕەوا





وەکو عەشقم
لێوێک تینووی ماچێکی
ونی
سەر بالیفەکانی فرمێسکم
تاوێک بەدیار شەوی درێژی پرچتەوە
وەنەوز دەدەم
بۆنی خەونەکانی منی لێدێ
ژنێکی نارنجی دێت و دەمباتە
شاری خەونەکانیەوە

لەوبەری شاری خەونەکانەوە
تاقە ماڵە
لەسەر تەپڵی جەنگاوەرە نەفامەکان
سەما دەکات
روخسەت با لە پاڵ جارانا
تاوێک بگریم
دوودڵی پێکەنینی تۆ
لێڵم دەکا





ئەو شەوێکی وەک خەیاڵ دوور
بەجێی هێشتم
یادت بەخێر ئازیزەکەم
هەر وەکو من
بە بۆنی مەراق هەڵئەچوو
لە مەراقی ڕاهیبە تەرپۆشەکاندا
سەماکانی لە بیرئەچوو
شوێن پێ مەلەی

پیاوە لە خواترسەکانی دەریا کەوت و
تینوێتی
بە ماچێک نەشکا
بۆنی نەیەت
درووود بۆ ژنێکی بۆنخۆش
ئاوەدانی لێوە دەڕژێ
ئاشنای خەمی زەردەپەڕ و
هۆگری چاوە گەلاٚییکانی وەرزی تەم بوو
تەمی پیاوێکی سەرەڕۆ
دەمێ نمە و
دەمێ ژانی لێوە دەڕژا





شوێن خەونە ئاسکێکی
وێڵ کەوت
لە تاراوگەی ڕووما ون بوو
لە چاوی پیاوێکی تووڕە
زوو بەسەرچوو
روخسەت
هانا
تا لە پاڵ جاری جارانا
تاوێک نەگریم
نایەمەوە

٢٠٠٦/٩/٥



# دەژاکێم و تیشک دەدەم

تیشکدان
لەناو دڵی سپێدان نەبێ
شەرمە
وەنەوز
لەژێر گەڵاکانی ڕێکەوت نەبێ
مەرگە
مەرگێکی ئاسوودە و
مەزن
نامۆ بە باوێشکدانی
شەوان





مەزنی لەوساتانە دەڕژێت
کە خەو بێدار دەبێتەوە
لە حزورت
نیگا وەکو بادە دەڕژێ
کە دڵ دەشکێ
خەم سەردەکا و
شکانم چوون حەزێکی نارنجی
هەناسەتی لێوە دەچێ
هاوارێکی قەرسیلەییم
لێوە دەڕژێ

حەزێکی پەمبەم
بەدەم وشکبوونی زەردەخەنەتەوە
لێدەچۆڕێ
وەلێ هێشتا
بوکەڵەی دەستی وڕکنیم





لە تاریکیدا
هەنارە حەز دەشکێنم و
خۆم دەشڵەقێم
شکانی خەونەکانی منداڵیم
تێکەڵ بە مەغریبێک دەکەم
کە تۆی لێ نیت
کە تۆ و باران بەجێم دێڵن
جار نەجارێ لێوم دەڵێت
ئۆغرتان خێر
ژان دەڕێژم

ژانی دوێنێ و ئەمڕۆ و
سبەی
تاکو لە تۆ خاڵی دەبم
ژیان شاربەدەر دەکەم و
خەون دنێژم





خەونێک لە مەرگی جودایی و
تەمەن بچێت
تەنها جارانت بۆ جێدێڵم
تۆ پێم دەڵێی
ئۆغرت خێر
ئەمجارەیان
نایەمەوە
چیدی پێکەنینی
کاڵم لەسەر لێوت جێناهێڵم

٢٠٠٦/١٠/٢٠




# باڵەفڕەی ناو ژوورەکانی ئەوساکە

که قومێ میهری چاوانم
دەخۆیتەوە
باسی ئازادی مەکە
سۆراغی باڵندەکان و
لوغزی فڕین و
بێدەنگی مەکە
غوربەتە
ساتەکانی روحیانەتم





جەنجاڵە دونیای ناهەوسەنگ و
سپیدانی تەفرەخواردووی
روحلەبەرە ژێر دەستەکان
لە شەوبێداری عیشقم مەپرسە
لە مێژە ژیان بێئۆقرەیی دەخواتەوە و
پێکەکان لەلاڕێی ویژدان فڕێ دەدا
لە ئازادی ورد مەبەوە

جارِی مەملەکەتێکی بێ سنوور و
کۆڵانێکی بێ ترس مەدە
کە ڕۆژانە پێکەکانت
لە خەوی چاوم پڕ دەکەیت
لە سێبەری گەورە پیاوان پشوو مەدە
کە ڕۆژانە هەناسەی تیا
دەنێژرێت





خەیاڵ رەوەسێبەرێکی
بێ ئالآیە و
لە تاریکی مارەدەکرێت
کە لە ناخەوە دەهەژێم
باسی پێش سەربەستی مەکە
ئەو دەمانە
چەندین نەخشەمان دەکێشا
خاک پیرۆزیی لێوە
دەڕژا
وەتەن بە ڕوانینی روحلەبەرە بێ پەناکان
ئاوەدان بوو..

که له روخسارمەوه هەڵدێی
باسی منی ئێستا و
دوای نغرۆبوون مەکه
باسی قەسیدەکانی زەدەی مۆمێک و
پاکێکانی ویژدان مەکه و
به ئێستاکه
مەملەوتێنه





ئەمێستا
خەمه قژ درێژەکانی نیشتیمان
خوم بۆئەوساکه دەپێون
خەمانم سارده و
هەیوانی چاوەڕوانیم گەرموگوڕتر
له گوناهه بەرەڵڵاکان
دیار ماڵەکانی جارانم
بێ حزووره و
رۆح دەرنابات
ئیدی باسی چرکەکانی زەدەی
خەمان مەکه

باسی هەناسەکانی بێوەری و
خشەخشی ڕادیۆ تاساوەکانم
مەکە
کە چۆن سپێدانیان جێهێشت
باسی ئازادی دەسکرد و
جوانی دەسکرد و
حەشری دەستی مرۆڤگەلی
زۆرزان مەکە
با لەوە زیاتر
دڵم بەلای ئەوساکەدا





رانەبووریێ
ئاشنایەتیم لەگەڵ گەڵا بابردۆکانی
ئێشکی بەنۆرەی
شەو و ڕۆژان
دەسخەڕۆ بوو
گوڵ شاکامی بە بڕینی ئەو دەستانە دێت
کە جوانی لێدەکەونەوە و
دەیژاکێنن
باسی سەربەستیم بۆمەکە و
بە دەستە بەرەڵڵاکانی
ڕۆیین
کلی چاوم مەفڕێنە

هێشتا ئاسۆی فڕین دوورە و
ئاشنا بوونم
لە روحی دیلێتی جاراندا
شاردۆتەوە
ئیرەیی بە رەهابوونی
نیگام مەبە و
کلی چاوم مەفڕێنە





هێشتا لێوم لە جێی سوراو
تامی وشە بچڕ بچڕەکانی
پێش
ئـ
ا
ز
ا
د
ی
دەدا

گۆناکانم جێ نینۆکی
ئێوارەیەکی
پێش خومار بوونم
دەڕوشێنێ
تاکو دێ رەهاتر دەڕۆم
بە چیلکەی قەدەرێکی راگوزەر
چاو دەڕێژم
باسی گۆرانی سەرەڕۆ و
عەشقی پێش بارانێک مەکە
هەر هەموو لەگەڵ خەمی ڕووم
دەربەدەر بوون





باسی زەردەپەڕی
پێش دەربازبوون مەکە
چرکەساتە دوورەکانیش
لە سووربوونەوەی روومەتم
سوورچوونەوە
تاکو بووم بە کچێکی بابردوو
لە حەشمەتا
پیتە بە لێزمەکانی ئازادیم
هەموو قرتاند
کە لە کازیوەی چاومەوە
رۆژ هەڵدەکەی
ناوی ئازادی مەهێنە
هەتاکو خۆم نەدۆزمەوە
بە شوێن
بەهەشتا
ناگەڕێم

٢٠٠٦/١١



# بۆ دەبێ کاڵ ببمەوە

بۆ دەبێ
رووم لێ وەرگێڕی
ئاخر نەدەبوو...
شووشەی ژیان مەشکێنە
نەبا زیاتر کاڵببمەوە
خۆرێک درەنگانێ هەڵبێ





کێ دەسووتێنێ
ئاخر کێ
وەرزێک لە هەناسەی بوونەوە
بێت
بۆ دەبێ رووی لێ وەرگێڕی
مەمبوێرە
با کاڵ نەبمەوە
لە ژاوەژاوی ژیاندا
پرتەقاڵەکانی خەونێکی بێ باخچە
لێ دەکەمەوە

لە وێرانبوونی ژووانان
ئازارەکانم دەژەنم
روحمێک با کاڵ نەچمەوە
نیگام لە خەواڵوویی روخسارت
بکوژێنەوە
ئاخر رەنگم پێوە نەما
تا تۆ هیوام بشێوێنی
رەهاترم
لە بیابان
تاکو تۆم لێ جێ بمێنی
روخسارم ناناسمەوە





بۆنی نەمانم لێ دەچێ
ئاخر بۆچی
بەنزا گوناهەکانت
دەمسووتێنی
بۆ دەبێ
وا بەجێم بێڵی
نەدەبوو...

کەرکووک ٢٠٠٦/١١/٢١



نازە مەیلەو ڵیمۆییەکانی روخسارم

لە دەعوەتی خەونێکی ساردەوە
دێمەوە
ئادەمەکان ڕاوم دەنێن
عەشقیش تەرمێکی
پاڵ نیشتمانە و
خەون بە مەرگەوە دەبینێ
ئەی نمەکانی بێهودەیی
تازە بۆ لەدایک دەبن





ئاخر دڵم بێ
ئاشنایە
وا هەنارێک
لە شەرمی خەمەکانی روومەتم
خۆی دەوڵێ
تۆش وەسەر خۆتی ناهێنی

هەر دەنکێکی
لە بێ ئارامی ژانێکم
دائەگیرسێ
کە بیابان لە حەشمەتی
بێ هەنگاویم
سەر هەڵئەگرێ
کوانێ رێگای ماڵی غوربەت
گوڵێک لە وەرزی بێ نازیمدا
تەنیایە خەزانێکی لا میوانە
تۆش دەربەدەر
ئەی حەسرەتی چاوەکانم





تازە بۆ کوێ سەر هەڵئەگرن
گەرچی ئەو دارگوڵەی
دراوسێی نازە مەیلە و
لیمۆییەکانی
روخسارم بوو
بانگێشتی وەرزی نەهات بوو
جارێ زوو بوو
ئەی شنەکانی
وەرزی رۆحم

تاڵە سپێکانی پرچم
رەش کەنەوە
من نەمتوانی
بەبێ روخسەت شوێن پەنجەی
ئاهەکانی شەو
لە هەناسەم جیاکەمەوە





سێوێک بۆنی ئادەمێکی
گەوجی لێدێ
تامی عیشقی بیر بردمەوە
چیرۆکی جوداییمانی
بە لێوەکانی داگیرساند
لیمۆیەک تامی فرمێسکەکانی دەدام


لێوی بردم
چاوەکانی
لە پرشی سووری هەنار و
خەزانی دەرماڵی شەو و
سێوە غلۆربووەکانی
ئادەم و
مزری لێوم





لە هەڵوێستی
باخەوانێکی نەفامدا
کوژانەوە،
ئەی نمەکانی سەبووریم
تازە بۆ لەدایک دەبن

٢٠٠٦/١٢/١٧



خەتام کرد شوێن ئادەم کەوتم

خەتام کرد
لەتەکانی شکانمانم نەدۆزییەوە و
خەونم بە ئاوی گۆزەوە دی
گوناهم کرد
لە چاوی شەوێکتا وەنەوزم دا و
نیوە مردوو پێئەکەنیم
نووستن لە سایەی توڕەییت
ژیانێکی نیوە چڵە





خەتام کرد خەونم بە گەڕەکەکانی
ڕێکەوتەوە دی
خەتایەکی جوان
وەک ڕۆشنیت
شەوانم وەکو برژانگی
خەوێکی ڕموزن وەرین
مەراقێکی لاسار
سەلاریم لێ ئەکاتەوە و
هەناسەکانم ئەنێژێ

بمبورە
گەر بۆنی گوڵێکی دەستی جارانم کرد و
ئێستاکە تۆم بیرچووەوە
دەینی بووم و ئاسمانێک هەرەسم
لێکەوتەوە
هەر هەموو لە نەسلی تۆ بوون
خەتام کرد شوێن ئادەم کەوتم
لەوەتەی موریدی بەر پێیەکانتم
سەلاریم لێ جێئەمێنێ
هێمنم لە بێ ئارامیت
ورک دەیکوژێ





بمبوورە
گەر ڕەشە ڕیحانەیەکی جارانم
لە خەمەکانی ئێستاکەم
مووتوربە کرد
خەتابوو..
لە نووسینەوەت نەبوومەوە و
بەسەر لێوی حەرفێکی
قەتیسەوە
ڕژام
قەتیسی چاوەکانی تۆ
خەتا بوو خەتا
کە سەما تووڕەکانم
لە ناوقەدم دەبوونەوە و
ڕەوانەی تەماشات ئەبوون

ڕۆحم نەزری تاوانە
حەواییەکانە
دیدەنیم کۆسالآنێکی
پڕ گوناهە
نابینایانە
خەتام کرد
خەتایەک لە جۆگەلەکانی ئەوینەوە
هەڵئەقوڵێ
گوناهێک لە ڕۆشنیت ئەچێ





خەتا بوو
شوێن ئاسمانە دیمەنەکانی
عیشقت کەوتم
تۆش خەونێکی ئادەمی بوویت
سێوە حەرامەکانی سینگمت لێ ئەکردەوە
گوناهێکی جوان بوو
خەتایەکی بێ تەریقەت
لە نەسلی با و باران و
سروشت
وەکو لە دایکبوونی ئاخێکت
لەسەر دەستی حەسرەتێکم

خەتام کرد
تا ئاوس بووم
بە خەتای جوان
بە هێمنیت
وەکو بووکێکی نابەڵەد
جێماو لە عورفی ساتەکان
دەستەکانم
بێ گوڵ
بێ ئەڵقە
بێ پەنجە
خەتای جوانی
وەک ڕۆشنیت
لێوە ئەڕژا





لە ژێر ساباتێک لە خەتا
چاوم بە پرشە ئاونگ و
لێوم بە چۆڕاوگەی سەراب تەڕ کرد
وەرە با تامی خەتایەکی ڕۆشن بکەین و
خەون بە ژیانەوە ببینین
با سۆراخی ئەو حۆریانە بکەین
کە بەهەشت وەدەرمان ئەکەن